# (سەرەتای دروستبوونی بونەوەران)

(بە بەڵگەی قورئان و
سونەت)

زنجیرە ووتاری
باگخواز: م.کرمانج

٢٠٢١
نوسینەوەی: ڕوئیا

کتێبخانەی (PDF)

# سەرەتای دروستبوونی بوونەوەران
# (بە بەڵگەی قورئان و سونەت)

**بابەت: ئاینیی**
**وەرگیراوە لە زنجیرە ووتاری بانگخواز :م.کرمانج**
**نوسینەوەی:(ڕوئیا)**
**ساڵ:٢٠٢١**

## پێشەکی..

***الْحَمْدُ للهِ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يَضْلُلْ فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدُهُ لا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ )***
***يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ)، (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً)، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً).***
***والصلاة والسلام على أشرف المرسلين سيدنا محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.***
***"السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ"***

ئەم زنجیرە باسەی دەستی پێدەکا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ،لە ووتاری یەکەمەوە کە دروستبوونی بونەوەر و مەخلوقاتە تاکو دروستبونی ئینس و جان باسی دەکەین،و بۆیەش ئەم زنجیرەمان هەڵبژارد کە باسی بابەتێکی مێژوویی بکەم چەنەها ساڵ بەر لە ئێستا چی ڕوویداوە بۆئەوەی موسوڵمانان بەگشتی بەرچاو ڕوون بن بە بەڵگەی قورئان و سونەت و شارەزا بن لە مێژوو ،و چۆن خوای پەروەردگار مەخلوقاتی دروست کرد؟!
وە ڕەدی ئەو فکرانە بدەینەوە کە کۆمەڵێک کەس دەستکاری مێژوویان کردووە و جۆرێ باسیان کردووە و شێواندویانە کە دوورە لە ڕاستیەوە کە لە قورئان و سونەت باسکراوە بۆمان..

داواکارین خوای گەورە پاداشتمان بۆ بنوسێت و سود بگەیەنینە موسوڵمانانی بەڕێز ان شاء الله خوا هیدایەت و بەردەوامی ببەخشێتە من و ئێوەیش ..

## (خوای پەروەردگار )

بۆئەوەی ئیمانمان زیاتر بێت و بەرچاومان ڕوون بێت پێویستە ئێمەی ئیماندار بزانین(الله ﷻ)کێیە ؟ و خاوەنی چیە؟و دەسەڵات و توانایی چەندەیە؟

خوای پەروەردگار(ﷻ) لە قورئاندا کۆمەڵێک ناوی زۆری هەیە ،هەندێک لە ناوەکانی بۆ ئێمە ئاشکرا کردووە،لە قورئاندا یان لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) یاخود پێغەمبەر(ﷺ)ئەفەرمووێ هەندێک ناوی بە نهێنی لای خۆی هێشتوەتەوە کە خۆی دەزانێت چیە..

ئێمە چۆن (اللهﷻ)بناسینەوە؟؟
بەو وەسف و ناوانەی خۆی باسی کردووە لە قورئاندا یانیش بەو وەسفانەی خوای گەورە لەلایەن پێغەمبەرانەوە (سەلامی خوایان لێ بێت) بەیانی کردووە و ئاشکرای کردووە بۆمان..

بۆ ئەوەی زیاتر خوای گەورە بناسین و ئاشنای دەسەڵات و توانا و گەورەیی بین ئەم بەڵگانەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان دەخەینە ڕوو بۆتان//

وشەی(اللهﷻ)کە ناوی پیرۆز و تاکی خوای پەروەردگارە کۆکرەوەی هەموو ناوە پیرۆز و سیفاتە بەرزەکانیەتی.
(اللهﷻ) تاکە ناوە کە تایبەتە بەخوای گەورە و ناوەکانی تر دەچنە ژێر سێبەری ئەم ناوە.
زانستی نوێ کەلە زانکۆکانی جیهان توێژینەوەی لەسەر

کراوە  سەلماندویەتی کاتێ لەسەر سەری مرۆڤ ئامێرێک دابنرێ و وشە و ناوی (اللهﷻ) دوبارە بکاتەوە بێ ویستی مرۆڤ و بێ ئەوەی باوەڕی ببێ یان نەبێ،موسوڵمان بێ یاخود نا،لەسەر هەر جۆرە دینێک بێت  شەپۆلەکانی مێشکی مرۆڤ زیاد دەکات ،کە بەڵگەیە لەسەر ئاوەی مێشکی ئینسان بە ناوهێنانی وشەی(اللهﷻ)چالاکی  و جوڵەی زیاد دەکات،کە بەڵگەیە بۆ گەورەیی زاتی (اللهﷻ). بۆیە مرۆڤ ناتوانێ ئینکاری بکات لە بوونی (اللهﷻ) خوای گەورە لە دەفەرمووێ:

🔷 سوره النمل آیه 14

🔶 وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ

🔷 {فیرعەون‌و دەسەڵاتداران یەقینیان هەبوو کە موسا - صلى الله عليه وسلم - پێغەمبەری خوایە!}[وَجَحَدُوا بِهَا] وە لە رووكەشیدا ئینكاری و نكوڵیان لێ كرد [وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنْفُسُهُمْ] بەڵام لە نەفسی خۆیاندا یەقینیان هەبوو كە موسا - صلى الله عليه وسلم - ڕاست دەكات و پێغەمبەری خوایەو موعجیزەی پێیە [ظُلْمًا وَعُلُوًّا] بەڵام زوڵمیان لە خۆیان ئەكرد، یان بەهۆی شەریك دانانیان بۆ خوای گەورە، وە بەهۆی لووت بەرزیان ئیمانیان بە موسا - صلى الله عليه وسلم - نەهێنا [فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ (14)] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تەماشا بكەو بزانە سەرەنجامی ئاشووبگێران چۆن بوو چۆن خوای گەورە لەناوی بردن، (واتە: ئەی كافرانی قوڕەیش ئاگادار بن ئێوەیش ئەگەر ئیمان نەهێنن خوای گەورە وەكو ئەوان

لەناوتان دەبات، ئەوان لە ئێوە زۆرترو بەهێزتر بوون، وە پێغەمبەرەکەی ئێوە لەوەی ئەوان باشترو چاکترە).

کەواتە چەن بە زاریش بڵێن ئیمانمان نیە تەنها خۆ لەخشتە بردن و خۆ هەڵخەڵەتاندنە ناتوانن ڕاستیەکان بشارنەوە ،ئیمان لە ناخی هەموو کەسێک بوونی هەیە ،کە زانستیش ئەوی پشت ڕاست کردووەتەوە..

🔷وە لە سورە الكهف آيە 109 دەفەرمووێ//

🔶 قُلْ لَوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَنْ تَنْفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا

🔷 [قُلْ لَوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِكَلِمَاتِ رَبِّي] ئەی محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ پێیان بڵێ: ئەگەر هەموو دەریاکان مەرەکەب بوونایە بۆ نووسینی وشەکانی خوای گەورە [لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَنْ تَنْفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي] ئەوە هەموو دەریاکان وشك ئەبوون پێش ئەوەی وشەکانی خوای گەورە تەواو بێ [وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا (109)] وە ئەگەر هاوشێوەی ئەوەندەی تریش دەریامان بهێنایە هەموو ئاوی دەریاکان مەرەکەب بوایە بۆ نووسینی وشەکانی خوای گەورە هەر هەمووی وشکی ئەکردو وشەی خوای گەورە کۆتایی نەئەهات، کەواتە وشەکانی خوای گەورە یەکجار زۆرە لە توانای قەڵەم و نووسین دا نیە .

لەکاتێک دا قوڵایی دەریاکان زۆرجار ١٥,٠٠٠ مەتر و زیاتریشە و وەک ئاشکرایە سێ بەشی زەوی ئاوە و دەریا و زەریایە هەمووی بکەیە مرەکەب و بکەیتە پێنوس ،ناتوانرێ زانستی خودای پێ بنوسرێتەوە ئەوەندە

زانستەۆەی زۆر و بێ سنوره ، ئێمه دروستكراوی ئەو خودایەین كه خاوەنی ئەو زانسته زۆرەیه ..

◈ سوره لقمان آيه 27

◆ وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

◆ [وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِنْ شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ]
هاوبەشبڕیاردەران وتیان ئەم قسانه نزیكه كۆتایی بێت و تەواو بێت، خوای گەوره فەرمووی: ئەگەر هەرچی داری سەر زەوی هەیه هەر هەمووی قەڵەم بوایه بۆ نووسینی قسەو فەرموودەو وته تەواوه جوانەكانی خوای گەوره [وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِنْ بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ] وه هەرچی دەریاش هەیه هەمووی مەرەكەب بوایه، وه حەوت دەریای تریش پاڵپشتی بكردایه [مَا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ] ئەوا قەڵەمەكان هەموو دەشكان و دەریاكان هەموو وشك دەبوون بەڵام وشه تەواوەكانی خوای گەوره تەواو نابێت و كۆتایی نایات ئەوەنده زۆره [إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (27)] به دڵنیایی خوای گەوره زۆر بەعیزەت و كاربەجێیه.
ئەمەش بەڵگەی گەورەیی و زانایی خودایه..
وه دەزانێ چی لەپێشتر ڕوی داوه و چی دواتر ڕوو دەدات ،وهیچ دروستكراوێ نیه بتوانێ بگاتەوه زانستی خودا یاخود لێی تێ بگات یان كۆی بكاتەوه.

◈ سوره البقرة آيه 255

◆ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۗ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا

بِإِذْنِهِ((( ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ ۚ )))وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ ۖ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ

🔷 {گەورەترین ئایەت لە قورئاندا}[اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ] خوای گەورە زاتی پیرۆزی الله ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لەو کە خوایەکە هەمیشە زیندووە هیچ کاتێك مردنی بەسەردا نایات و لەناوچوونی نیە وە هەڵسوڕێنەری ئیش و کاروباری خەڵکی و بوونەوەرە [لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ] نە وەنەوزەو خەوەنوچکە ئەیباتەوە وە نە خەویشی لێ ئەکەوێ [لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ] هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی یە و ئەوەی لە نێوانیاندایە هەمووی موڵکی خوای گەورەیە [مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ] هیچ کەسێك ناتوانێ شەفاعەت بکات لەلای خوای گەورە ئیلا بەئیزنی خوای گەورە نەبێ کە ئیزن بدات بۆ تکاکارو تکابۆکراوە

👈👈 [يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ] خوای گەورە زانیاری هەیە بەوەی کە لە پێشیانەوەیە کە قیامەتە وە ئەوەی لە دوایانەوەیە کە دونیایە، یاخود زانیاری هەیە بە رابردوو ئێستاو داهاتوو [وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ] بەڵام مرۆڤەکان هیچ زانیاریەکیان بەخوای گەورەو سیفاتەکانی نیە تەنها مەگەر شتێك کە خوای گەورە خۆی ویستی لێی بێ و لە قورئاندا دەربارەی خۆی ڕوونی کردبێتەوە 👉👉

[وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ] وە کورسی خوای گەورە فراوانە بەفراوانی هەر حەوت ئاسمان و هەر حەوت زەوی یەکە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەفەرمووێ: (الْكُرْسِيُّ مَوْضِعُ الْقَدَمَيْنِ), (صححه الألباني في تَخْرِيجِ الطَّحَاوِيَّة ص: 311) واتە: کورسی شوێن هەردوو پێی خوای گەورەیە کە چۆنیەتەکەی تەنها خوای گەورە خۆی دەیزانێت، وە سیفاتی خوای گەورە لە سیفاتی دروستکراوەکان ناچێت [وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا] وە پاراستنی ئاسمانەکان و زەوی و هەڵگرتنی خوای گەورە ماندوو ناکات و قورس نیە لای خوای گەورە [وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ (255)] وە خوای گەورە بەرزە لە زاتی پیرۆزیدا لەسەرووی عەرشی پیرۆزەوەیە، وە لە ناو و سیفات و تواناو دەسەڵاتی، وە خوای گەورە زۆر گەورەیە، کە ئەم ئایەتی کورسی یە گەورەترین ئایەتە لە قورئانی پیرۆزدا وە فەزڵی زۆر گەورەیە.

کەواتە خوا خاوەنی زۆرترین زانست و زانیاریە..خاوەنی ڕۆحە کە تائیستا کەس نازانێ چیە و چۆنە ئەوەش دیسان بەڵگەی گەورەیی زانستی خودایە.

## رۆح (گیان) چییه؟

◆ سوره الاسراء آیه 85

◆ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ ۖ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا

◆ {كەس نازانێت حەقیقەتی روح چییەو چۆنە}
[وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي] (عبدالله ی کوڕی مەسعود) دەفەرمێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ لەناو کێڵگەیەك دەڕۆیشتین لە مەدینە، کە پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ خۆی دابووە سەر لقە دارێکدا، بە لای کۆمەڵێك جولەکە تێپەڕی، هەندێکیان وتیان پرسیاری لێ بکەن سەبارەت بە روح، وە هەندێکیان وتیان پرسیاری لێ مەکەن نەوەکو شتێك بڵێت پێتان ناخۆش بێت، پرسیاریان لێ کرد دەربارەی روح و وتیان ئەی محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ روح چیە؟

دەفەرمویێت بەردەوام خۆی دابوو بەسەر دارەکە گومانم دەبرد وەحی بۆ دابەزێت، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو خوێندیەوە، هەندێکیان وتیان: وتمان پرسیاری لێ مەکەن، واتە: ئەی محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی روح و حەقیقەتی روح چیە؟

بڵێ: روح کاری خوای گەورەیەو خوای گەورە خۆی نەبێ کەس نازانێ حەقیقەتی روح چیەو چۆنە، ئەم ئایەتە لە مەککەیش دابەزیوە کە قورەیش بە جولەکەیان وت شتێکمان پێ بڵێن تا پرسیاری لە محمد پێ بکەین، ئەوانیش

وتیان پرسیاری لێ بکەن سەبارەت بە روح، ئەوانیش پرسیاریان لێ کردو خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو دواتریش لە مەدینە دووبارە دایبەزاندەوە [وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا (85)] وە ئێوە لە زانیاری شتێکی کەم نەبێ هیچتان پێ نەدراوەو نایزانن.

کەواتە ئێمە خودایەک ئەپەرستین بەو وەسفە گەورانە ،زانایە لەسەر غەیب و نهێنی کە کەس ناتوانێ لێی تێ بگات..

◈ سوره الجن آیه 26

◆ عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِ أَحَدًا

◆ {تەنها خوای گەورە غەیب دەزانێت}
[عَالِمُ الْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا (26)] خوای گەورە زانای پەنهان و نهێنیەکانەو ئەو غەیب و نهێنیە بۆ هیچ کەسێك ئاشکرا ناکات لە بەندەکانی و هیچ کەسێك نیە غەیب بزانێ تەنها خوای گەورە نەبێ.

هەرچی کلیلی نهێنیە لای ( الله ﷻ)یە،بەڵا گەرخۆی بیەوێ بڕێکی کەم لەو زانستە بە نێزدراوەکانی بدات بە ویستی خۆی پێی داون لەهەمان کاتدا پاراستوونی لەسەر ئەو زانستە..

◈ سوره الجن آیه 27

◆ إِلَّا مَنِ ارْتَضَىٰ مِنْ رَسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا

◆ [إِلَّا مَنِ ارْتَضَى مِنْ رَسُولٍ] تەنها کەسانێکیش لە پێغەمبەران کە خوای گەورە لێیان ڕازییە ئەویش هەندێك جار خوای گەورە غەیبیان نیشان ئەدات وەکو موعجیزەو بەڵگەیەك لەسەر ڕاستێتی پێغەمبەرایەتیەکەیان، خوای گەورە هەندێك جار غەیب نیشانی پێغەمبەران ئەدات [فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا (27)] لەگەڵ ئەوەشدا لە پێش دەست و لە پاشیشیەوە فریشتەکان پاسەوانێتییەکەی سەخت ئەگرن نەوەکو شەیتانەکان و جنیەکان شتێك لەو وەحییە بدزن و بیگەیەننە دەمی فاڵچیەکان.

خودا..خوا بەدیهێنەر و خاوەنی هەموو شتێکە  خاوەنی ناو و سیفاتی تایبەتە بەخۆی ..

◆ سوره الشورى آیه 11

◆ فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا ۖ يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ ۚ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ ۖ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ

◆ [لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ] هیچ شت و کەسێك لە خوای گەورە ناچێت، چونکە خوای گەورە تاك و تەنهایەو دروستکارە [وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (11)] وە خوای گەورە زۆر بیسەرە بەوتەو قسەتان، وە زۆر بینەرە بە کردەوەتان، وە هەموو شتێك دەبیستێت و دەبینێت.

دەسەڵات و توانا و گەورەیی خودا بێ سنورە..

◆ سوره الزمر آیه 67

◆ وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ ۚ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ

◆ [وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ] پیاوێك لە ئەهلی كتاب هاتە لای پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم - وتی: ئەی باوكی قاسم: ئایا پێتگەیشتووە خوای گەورە دروستكراوەكان دەخاتە سەر پەنجەیەكی، وە ئاسمانەكان دەخاتە سەر پەنجەیەكی، وە زەویەكان دەخاتە سەر پەنجەیەكی، وە دارەكان دەخاتە سەر پەنجەیەكی، وە ئاو و خۆڵ دەخاتە سەر پەنجەیەكی؟! پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم - وەكو بەراستدانانی پێكەنی تا ددانەكانی دواوەی دەركەوت، وە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: كافران و بێباوەڕان خوای گەورەیان بە گەورە نەزانیوە چەندێك شایەنی بە گەورە زانینە وە خوای گەورەیان وەكو خۆی نەناسیوە كە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە [وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ] وە هەر حەوت ئاسمانەكە لەناو مشتی خوای گەورەدایە لە ڕۆژی قیامەت، وە هەر حەوت ئاسمانەكە لوول ئەكات و لەناو دەستی ڕاستی خوای گەورەدایە، پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم - دەفەرمێت: (لەرۆژی قیامەت خوای گەورە زەوی دەخاتە ناو دەستییەوەو ئاسمانەكان لوول دەكات بە دەستەكەی تری پاشان دەفەرمێت: تەنها من مەلیكم، كوا مەلیك و پاشاكانی دونیا)، كە ئەمیش جێگیر كردنی سیفاتی دەست و مشت و پەنجەیە بۆ خوای گەورە بە شێوەیەك كە لە دەست و مشت و پەنجەی هیچ لە دروستكراوەكان ناچێت وە

چۆنیەتیەکەیشی خوای گەورە خۆی نەبێت کەسی تر نایزانێت، دەبێت وەکو خۆی باوەڕمان پێی هەبێت چونکە ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەری خوایە -صلى الله عليه وسلم - بە بێ گۆڕینی ماناکەی بۆ مانایەکی تر، وە بەبێ نکوڵی کردن لێی و چواندنی بە سیفاتی دروستکراوەکانی و پرسیار کردن لە چۆنێتیەکەی [سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ (67)] پاك و مونەززەهی و بەرزی و بڵندی بۆ خوای گەورە لەو هاوبەشبڕیاردانانەی کە هاوبەشبڕیاردەران ئەیدەنە پاڵ خوای گەورە.

خوای گەورە چ فەرمانێک بکات کەس بۆی نیە لێپرسینەوە و پرسیار بکات، بەڵام ئەو پرسیار لەئێمە دەکات چونکە ئێمە دروستکراوی ئەوین .
بۆمان نی پرسیار لەهۆی دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگ و فریشتە و جن بکەین چونکە ئەوخۆی بەدیهێنەرە ولە نەبوونەوە شت دروست دەکات وخۆی عیلمی هەیە بە هۆکاری دروستکردنیان..

◈ سورە الانبیاء آیە 23

◆ لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ

◆ [لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ] خوای گەورە پرسیاری لێ ناكرێ لە هەر كردەوەیەك كە بیكات، لەبەر گەورەیی و تواناو دەسەڵاتی [وَهُمْ يُسْأَلُونَ (23)] بەڵكو ئەوان پرسیاریان لێ ئەكرێ لەسەر ئەو كردەوەو وتانەی كە ئەیكەن و ئەیڵێن.

(اللهﷻ)یەکەمین و کۆتایە..

◈ سورە الحدید آیە 3

◆ هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

◆ [هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ] وه هەر خوای گەورەیە سەرەتاو یەکەم بووە پێش هەموو کەس و شتێك، وه کۆتاییشە دوای هەموو کەس و شتێك بەتەنها ئەمێنێتەوە دوای ئەوەی هەموو دروستکراوان لەناودەچێت و نامێنێ [وَالظَّاهِرُ] وه خوای گەورە بەرزو باڵادەستە بەسەر هەموو شتێکدا [وَالْبَاطِنُ] وه زانایە بەو شتانەی کە نهێنیە، یاخود بەو شتانەی کە لە دونیادا نادیارەو لە پێش چاو نابینرێت، پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ دەفەرمێت: (اللّهُمَّ أنتَ الأولُ فَليسَ قَبلكَ شَيء، وأنتَ الآخِرُ فَليسَ بعدكَ شَيء، وأنتَ الظاهِرُ فَليسَ فَوقَكَ شَيء، وأنتَ الباطِنُ فَليسَ دونَكَ شَيء) رواه مسلم . واتە: خوایە هەر تۆ سەرەتاو یەکەم بوویتەو پێش تۆ هیچ کەس و شتێك نەبووە، وه هەر تۆ کۆتایی و دواهەمینیت و بە تەنها دەمێنیتەوە دوای لەناوچوونی هەموو دروستکراوەکان، وه هەر تۆ باڵادەستیت بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا، وه هەر تۆ زانایت بە نهێنیەکان و هیچ شتێك نیە کە نهێنی بێت و تۆ نەیبیستیت یان نەیبینیت یان زانیاریت پێی نەبێت و ئاگاداری نەبیت [وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (3)] وه خوای گەورە زۆر زانایە بەهەموو شتێك و هیچ شتێك لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە.

## وەسفێکی خوای پەروەردگار بکەین ..

ئەو خوایەی کەخالقی هەموو شتێکە لە بچوکترین تا گەورەترین شت کە عەرشە و خۆی دروستی کردووە،ئەو خوایەی کا خاوەنی نیعمەتێکی زۆرە کە خۆی نەبێ هیچ کەس ناتوانێ پێشبینی ئەو نیعمەتانە بکات،ئەو خوایەی کە خاوەنی ئەسماء و سیفاتێکی کامڵ و تەواوەو هیچ کەم و کورِیەکی نیە و پێویستی بەهیچ مەخلوقێکی نیە و لە هیچ مەخلوقێک ناکات لەسفات و ئەسماء دا وە هیچ مەخلوقێکیش ناتوانێ لەو خالقە بکات کە خوای پەروەردگارە،

ئەو خوا کەریمەی کە رِێزی ناوە لەبەشەریەت و بەتایبەتیش لە بەنی ئادەم (علیه الصلاة والسلام )

ئەو خودایەی هەموو مەخلوقێلی هێنایە بوون بە ئەجەلێکی دیاری کراو کە رِزق و رِۆزی و هەموو شتێکی بۆمان دابین کردووە ..

ئەو حوایەی ئاگاداری هەموو چاوەکانە و هەموو چاوەکان ئەبینێت و دەشزانێت هەموو دڵ و دەروونەکان چی تێدایە و ئێمە هەستی پێ ناکەین و نایبینین ..

ئەو خوایەی مەخلوقاتی دروستکرد بۆ کاتێکی دیاری کراو و کۆتایشی پێ دەهێنێت و ژیانێکی تری بۆ داناوین کە ئەویش یان بەهەشتی نەبرِاوەیە یان دۆزەخی نەبرِاوەیە ..خوای گەورە پەنامان بدات و لە ئەهلی بەهەشت بین إن شاء الله ..

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز سورِەتی (طه)ئایەتی (٩٩)دەفەرمووێ:

كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ آتَيْنَاكَ مِن لَّدُنَّا

**ذِكْرًا (99)**
**واته:خوای گەورە بە پێغەمبەری ئازیز(ﷺ)دەفەرمووێ :(ئێمە چیرۆکی ئەو هەواڵانەی پێش خۆتت بۆ دەگێڕینەوە ئەوانەی کەتۆ لەوەو پێش نەتبیستون و بۆتیش باس نەکراوە ،ئێمە بۆت باس دەکەین )**

**کەواتە ئەوانە شتی غەیبن کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)ی باسکردووە کە بوونەوەری ئەوها دروست کردووە...**
**وە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام ) هاتوە کە (ئیمامی عومەر خوا لێی ڕازی بێت ) ئەیگێڕێتەو وە ( أبو زيد انصاري)ئەویش لەڕیوایەتێک دا باسی دەکات ئەفەرموون:(بەیانیەک پێغەمبەر (عليهالصلاة والسلام) دوای نوێژی بەیانی کۆیکردینەوە لەمزگەوت ،و باسی دروستبوونی سەرەتای مەخلوقاتی کرد وە ئەوەندەی درێژ خایەند تا گەیشتە نوێژی مەغریب وە دوای نوێژی مەغریب کۆتایی هات ،ئینجا مەجالی داین بڕۆینە ماڵەوە..)**
**واتە پێغەمبەر( ﷺ)یەک ڕۆژی تایبەتی داناوە بۆ سەحابە بەڕێزەکان کە تێیدا باسی دروستبوونی بوونەوەر و مەخلوقاتی بۆیان کردووە..لە سەرەتای درووستبوونی دنیا و پێش دروستبوونی دونیا تا کۆتایی دنیا و ئەوجێیەی مرۆڤ دەچنە بەهەشت و جهەنەم ..هەمووی باس کردووە.**

**سەرەتاش باسی ئەوە دەکەین خوای گەورە خۆی شوێنی لەکوێ بووە پێش ئەوەی مەخلوقات دروست بکات؟ بەپشت بەستن بەو فەرموودەیەی (امام أحمد)و(امام ترمزي)ڕوایەتیان کردووە :**

**عامری کوڕی عوقەیلی پرسیار دەکات لە پێغەمبەری خودا (ﷺ ):( أين كان ربنا قبل أن يخلق السماوات والأرض؟ قال: كان في عماء ما فوقه هواء وما تحته هواء.)**

**واتە :خوای گەورە لەکوێ بوو پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات؟؟**
**پێغەمبەر(ﷺ)وەڵامی دایەوە و فەرمووی:خوای گەورە لە جێیەک بوو پێی ئەوترێ عماء لە زمانی عەرەبی واتە (بۆشایی) یان (هەوری سپی بەرز) ،سەرەوە و خوارەوەی بۆشایی بوو .**

## عەرشەکەی دروست کرد لەسەر ئاو..

إمام بوخاری دەگێڕێتەوە:لە عمران کوڕی حوسەین گێرویەتیەوە :(کۆمەڵێک لە وەفدی یەمەن هاتن بۆ لای پێغەمبەری ئازیز(ﷺ ) پێیان فەرموو :[ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)ئێمە هاتوین تەواو وردبینی لە دینەکەمان فێرببین و بزانین دینمان چیمان پێ دەڵێت ..و هاتوین پرسیارت لێ بکەیت سەرەتای دروسبونی دنیا چۆن بوو ؟]پێغەمبەر (ﷺ) لە جوابدا فەرمووی :(کان الله لم یکن شیء قبلە)یان لە هەندێ جێی تر (حديث: "كان الله ولا شيء معه، وهو الآن على ما عليه كان"، (ج2 من مجموع فتاوى شيخ الإسلام ابن تيمية ص272).
وهذا الحديث أخرجه البخاري رحمه الله في كتاب بدء الخلق (ص286 ج6) بلفظ: "كان الله ولم يكن شيء غيره، وكان عرشه على الماء، وكتب في الذكر كل شيء، وخلق السموات والأرض".
وأخرجه البخاري رحمه الله في كتاب التوحيد (ص403 ج13) بلفظ: "كان الله ولم يكن شيء قبله، وكان عرشه على الماء، ثم خلق السموات والأرض، وكتب في الذكر كل شيء".
واتە :تەنها خودا خۆی هەبوو هیچ شت پێش ئەو نەبوو .. هاموو ئەوانە بەڵگەی گەورەیی خودایە...
دواتر عەرشەکەی دروستکرد لەسەر ئاو و دواتر ئاسمانەکان و زەویشی دروستکرد و هەمووشتێکی نوسیەوە لە لوح المحفوظ...

## (عەرش)

ئەم فەرمودەیە بە سێ جۆر گێردراوەتەوە/

١/(الإمام مسلم)لە أبي زيد الأنصاري فەرمووی:

صلى بنا رسول الله صلاة الصبح فصعد المنبر فخطبنا حتى حضرت الظهر، ثم نزل فصلى بنا الظهر، ثم صعد المنبر فخطبنا، ثم صلى العصر كذلك حتى غابت الشمس، فحدثنا بما هو كائن، فأعلمُنا أحفظُنا.

٢/( الإمام البخاري )گێڕایەوە لە عمر بن الخطاب -رضي الله عنە-فەرمووی:

قام فينا النبي صلى الله عليه وسلم مقاماً، فأخبرنا عن بدء الخلق حتَّى دخل أهل الجنة منازلهم وأهل النار منازلهم، حفظ ذلك من حفظه ونسيه من نسيه

٣/احمدی کوڕی حنبل ئەگێڕێتەوە لە (ابي سعدی خذري)..

واتای هەر سێ فەرموودەکە/

پێغەمبەر(ﷺ)دوای نوێژی بەیانی چوەسەر مینبەر و باسی سەرەتای دروستبوونی بونەوەر و مەخلوقاتی کرد بۆمان باسەکە ئەوەندە ددرێژەی کێشا تا نوێژی نیوەڕۆ و نوێژی مەغریب و دوای نوێژی عیشا کۆتایی پێ هات تا ئەو شوێنەی باسکرد کە ئەهلی بەهەشت و جهەنەم چۆن دەچنە جێگەکانیان ،ئێمەش ئەوەی لەبەرمان کرد کردمان و ئەوی لەبیرمان چوو لەبیرمان چوو ..

خوای گەورە چوار شتی بە دەستەکانی خۆی دروست کردووە بە پێی ئەم بەڵگانە //

گێڕایەوە( الإمام الذهبي رحمە الله ) لە(عبد الله بن عمر رضي الله عنهما )فەرمووی :

( خلق الله أربعة أشياء بيده : العرش ، والقلم ، وآدم ، وجنة عدن ، ثم قال لسائر الخلق : كن فكان )

تفسير ابن جابر (18523/) ،
الدارمي في رد على المريسي (ص90) ،
الأسماء والصفات للبيهقى (ص233) بەڵگەی ڕاستی فەرموودەکەن...//

**یەکـــــەم : خلق آدم .(دروستکردنی ئادەم )**

بەڵگەی : ( قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنْتَ مِنَ الْعَالِينَ ) ص/75 .

◈ سوره ص آیه 75

◆ قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ ۖ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنْتَ مِنَ الْعَالِينَ

◆ {گفتوگۆی نێوان خوای گەورەو ئیبلیس}
[قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ] خوای گەورە فەرمووی: ئەی ئیبلیس چی ڕێگری لێکردیت کە سوجدە نەبەی بۆ ئەو ئادەمەی کە بە هەردوو دەستی خۆم دروستم کرد، (جێگیر کردنی دوو دەستی خوای گەورەی تێدایە کە لە دەستی دروستکراوەکان ناچێت و چۆنێتیەکەیشی خوای گەورە نەبێت کەس نایزانێت و پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت و نکوڵی لێ نەکەین چونکە لە قورئاندا باس کراوەو باوەڕنەبوون پێی باوەڕ نەبوونە بە چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆزو کوفرە، وە نەیچوێنین بە سیفاتی دروستکراوەکان چونکە چواندنی خوای گەورەی دروستکاری باڵادەستی بەهێز بە دروستکراوی لاوازی

بێدەسەڵاتی لەناوچوو کوفرە، وە پرسیار لە چۆنێتیەکەی نەکەین چونکە کاری ئێمە نیەو هاوەڵان ئەم پرسیارەیان لە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - نەکردووە، وە ماناکەیشی نەگۆڕین و دەستکاری نەکەین، وە قسە کردن لەسیفاتی خوای گەورە بەشێکە لە قسە کردن لە زاتی پیرۆزی خوای گەورە، چۆن باوەڕمان بە خوای گەورە هەیەو نازانین چۆنە بە هەمان شێواز باوەڕمان بەسیفاتەکانیشی هەیەو نازانین چۆنە تا ڕۆژی قیامەت إن شاء الله بە بینینی شاد دەبین) [أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنْتَ مِنَ الْعَالِينَ (75)] ئەی ئیبلیس ئایا خۆت بەگەورە زانی و لووتبەرز بووی یان خۆت بە بەرزو بڵند زانی.

## دووەم : غرس جنة عدن بيده سبحانه .(بەشێکە لە بەهەشت)

بەڵگەی ئەوەش/
( المغيرة بن شعبة رضي الله عنه) لە النبي صلى الله عليه وسلم فەرمووی : ( أُولَئِكَ الَّذِينَ أَرَدْتُ : غَرَسْتُ كَرَامَتَهُمْ بِيَدِي ، وَخَتَمْتُ عَلَيْهَا ، فَلَمْ تَرَ عَيْنٌ ، وَلَمْ تَسْمَعْ أُذُنٌ ، وَلَمْ يَخْطُرْ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ )
رواه مسلم برقم (312) .

## سێیەم : كتب الألواح لموسى عليه السلام بيده .

بەڵگەی ( أبو هريرة رضي الله عنه )لە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم )فەرمووی : ( احْتَجَّ آدَمُ وَمُوسَى ، فَقَالَ مُوسَى : يَا آدَمُ ! أَنْتَ أَبُونَا ، خَيَّبْتَنَا وَأَخْرَجْتَنَا مِنْ الْجَنَّةِ .
فَقَالَ لَهُ آدَمُ : أَنْتَ مُوسَى ، اصْطَفَاكَ اللَّهُ بِكَلَامِهِ ، وَخَطَّ لَكَ بِيَدِهِ ، أَتَلُومُنِي عَلَى أَمْرٍ قَدَّرَهُ اللَّهُ عَلَيَّ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَنِي

بِأَرْبَعِينَ سَنَةً .
فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى ، فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى .
وَفِي حَدِيثِ ابْنِ أَبِي عُمَرَ وَابْنِ عَبْدَةَ قَالَ أَحَدُهُمَا : خَطَّ ، وقَالَ الْآخَرُ : كَتَبَ لَكَ التَّوْرَاةَ بِيَدِهِ )
رواه مسلم برقم (2652) .

## چوارەم : القلم .(پێنوس)

بەڵگەی (أثر مروي) لە( ابن عمر رضي الله عنهما ) لە،گێرانەوەی ( موقوفا عليه – وەڵامی ئەو پرسیارەی - ووترا : ( خلق الله أربعة أشياء بيده : العرش ، والقلم ، وآدم ، وجنة عدن ، ثم قال لسائر الخلق : كن فكان ) رواه الطبري في "جامع البيان" (/14520) ،
والدارمي في "نقضه على المريسي" (ص/261) ،
وأبو الشيخ الأصفهاني في "العظمة" (/5792) ، والآجري في "الشريعة" (رقم/750) ،
والحاكم في "المستدرك" (/3492) ،
والبيهقي في "الأسماء والصفات" (/1262) .

-🔷 سوره هود آيه 7

🔶 وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۗ وَلَئِنْ قُلْتَ إِنَّكُمْ مَبْعُوثُونَ مِنْ بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَٰذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ

🔷 [وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ] وە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی

لەماوەی شەش ڕۆژدا دروست کرد [وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ] وە پێش دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی عەرشی خوای گەورە لەسەر ئاو بوو (لەبەر بەرزی ناو نراوە بە عەرش) [لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا] تا تاقیتان بکاتەوە بزانێ کامتان باشترین کردەوە ئەکەن، کە باشترین کردەوە ئەوەیە کە لەسەر سوننەتی پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بێت و بیدعە نەبێت، وە ئیخلاص و دڵسۆزی تیابێ و نیەتت پاك بێت بۆ خواو بۆ ریات نەبێت، (دەفەرمێت کامتان کردەوەکانی چاکترە نافەرمێت زۆرترە، ئەگەر کردەوە یەکێك لەم دوو مەرجەی تیادا نەبێت بە کردەوەی چاك دانانرێت و خوای گەورە قەبوڵی ناکات و وەرناگرێت) [وَلَئِنْ قُلْتَ إِنَّكُمْ مَبْعُوثُونَ مِنْ بَعْدِ الْمَوْتِ] وە ئەگەر پێیان بڵێیت ئێوە لە پاش مردن بەدڵنیایی زیندوو ئەکرێنەوەو لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت [لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ (7)] بە دڵنیایی کافران و بێباوەڕان ئەڵێن: ئەمە تەنها سیحرو جادوویەکی ئاشکرایە.

## گەورەیی عەرش لەم بەڵگانەی قورئان ڕوونکراوەتەوە //

- سوره المؤمنون آیه 86

- قُلْ مَنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ

- [قُلْ مَنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (86)] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بڵێ: کێ پەروەردگاری هەر حەوت ئاسمانەکەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە؟

◈ سوره التوبة آيه 129

◆ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ

◆ [فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ] ئەگەر ئەوان پشتیان كرد لە ئیمان هێنانو هیدایەت ئەوا بڵێ: من خوای گەورەم بەسە كە ئەمپارێزێتو تەنها خوای گەورە پشتیوانی منە [لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ] هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ ئیلا زاتی پیرۆزی الله نەبێ[عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (129)] من هەموو كاروباری خۆم تەنها بە خوای گەورە سپاردووەو پشتم بەو بەستووە، وە هەر خوای گەورەیە كە پەروەردگاری عەرشی هەرە گەورەیە كە گەورەترین دروستكراوی خوای گەورە عەرشی پیرۆزی خۆیەتی, بەم شێوازە هاتینە كۆتایی تەفسیری سوورەتی (تەوبە)، والحمد لله.

◈ سوره طه آيه 5

◆ الرَّحْمَٰنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَىٰ

◆ {خوای گەورە لەسەر عەرشی پیرۆزە}<br>
[الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى (5)] خوای گەورە بەرزو بڵند بووەوە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی خۆی بەرز بوونەوەیەك كە شایەن و شیاو و گونجاو بێت بە گەورەیی و مەزنی خوای گەورە لە بەرزبوونەوەی هیچ لە دروستكراوەكانی ناچێت، وە چۆنیەتیەكەشی خوای گەورە خۆی نەبێت كەس نایزانێت، پرسیاری (الإستواء) لە ئیمامی (مالیك) كرا

فەرمووی: (الإستواء غير مجهول، والكيف غير معقول، والإيمان به واجب، والسؤال عنه بدعة) واتە: ئیستوا زانراوە، چونکە لەقورئاندا باسکراوە، وە چۆنێتیەکەی نەزانراوە، چونکە باس نەکراوە، وە ئیمان هێنان پێی واجبە، چونکە ئایەتی قورئانی پیرۆزە، وە پرسیار کردن لە چۆنێتی بەرز بوونەوەی خوای گەورە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی بیدعەیە، چونکە هاوەڵان ئەو پرسیارەیان لە پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ نەکردووە، وە چواندنی بە بەرزبوونەوەی دروستکراوەکان کوفرە، چونکە تەشبیهـ کردنی خوای گەورەی خالقە بە مەخلوقی دروستکراوی لاواز، وە گۆڕینی ماناکەی حەرامە، چونکە مەبەست پێی نیەو هەڵەیە، وەکو گۆڕینی بۆ (استولى) کە بە مانای زاڵ بوون و دەستبەسەراگرتن دێت هەڵەیە چونکە بە گوێرەی ئەم تەئویلە فاسیدە دەبێت پێش خوای گەورە کەسێکی تر دەستی بەسەر عەرشدا گرتبێت کە مرۆڤی ژیر قسەی واناکات، (ابن القيم) دەفەرمێت: ئەم لامەی کە زیادی دەکەن (استوى) دەکەن بە (استولى) چەند لەو (نونە) دەچێت کە بەنو ئیسرائیل زیادیان کرد کە خوای گەورە فەرمووی: بڵێن: (حطة) ئەوان وتیان: (حنطة) وە خوای گەورە غەزەبی لێگرتن، ئەو کەسانەیشی کە سیفاتی خوای گەورە تەئویل دەکەن و ماناکەی دەگۆڕن با لە خوای گەورە بترسن نەك وەك بەنو ئیسرائیل خوای گەورە غەزەبیان لێ بگرێت.

◆ سوره المؤمنون آيه 86

◆ قُلْ مَنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ

◆ [قُلْ مَنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (86)] ئەی محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ پێیان بڵێ: کێ پەروەردگاری هەر حەوت ئاسمانەکەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە؟

◆ سوره الزمر آيه 75

◆ وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ۖ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ وَقِيلَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

◆ [وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ] وە ئەبینی فریشتەکان دەوری عەرشی خوای گەورەیان داوە [يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ] وە عیبادەت و تەسبیحاتی خوای گەورە ئەکەن [وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ] وە بڕیار لە نێوان بەندەکانیشدا درا بە حەق و دادپەروەری [وَقِيلَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (75)] وە باوەڕداران، یان هەموو دروستکراوان ئەڵێن: حەمدو سەناو ستایش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان، والله أعلم.

◆ سوره الحاقة آيه 17

◆ وَالْمَلَكُ عَلَىٰ أَرْجَائِهَا ۚ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ

◆ [وَالْمَلَكُ عَلَى أَرْجَائِهَا] وە فریشتەکانیش لەملاو لەولای ئاسمانەوە ڕاوەستاون، یاخود لای دەرگاکانی ئاسمانەوە ڕاوەستاون و چاوەڕوانی فەرمانی خوای گەورەن کە فەرمانیان پێ بکات دابەزنە سەر زەوی و دەوری زەوی بگرن [وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ (17)]

لەسەرووی ئەمانیشەوە لەسەرووی ئاسمانیشەوە هەشت مەلائیکەت، یان هەشت پۆل و کۆمەڵ مەلائیکەت عەرشی خوای گەورەیان هەڵگرتووە کە لەوپەڕی گەورەییدان وە خوای گەورە خۆی نەبێ کەس نازانێ ژمارەیان چەندە، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - دەفەرمێت:
(خوای گەورە رێگای دام باسی فریشتەیەك لە فریشتەکانی هەڵگری عەرشی خوای گەورە بکەم کە نێوان نەرمی گوێی تا بان شانی ماوەی حەوت سەد ساڵە).

سوره البروج آيه 14

وَهُوَ الْغَفُورُ الْوَدُودُ

[وَهُوَ الْغَفُورُ الْوَدُودُ (14)] وە خوای گەورە زۆر لێخۆشبووە بۆ تاوانی بەندەکانی، هەر کەسێك تاوانی کرد تەوبە بکات و بۆ لای خوای گەورە بگەڕێتەوەو پەشیمان بێتەوەو دەست لە تاوان هەڵگرێت و عەزیمەتی هەبێت نەگەڕێتەوە سەری ئەوا خوای گەورە زۆر لێخۆشبووەو لە تاوانەکانیان ئەبووریێت، وە خۆشەویستی زۆری هەیە بۆ بەندە گوێڕایەڵەکانی و دۆستانی خۆی ئەوانەی گوێڕایەڵی و عیبادەتی خوای گەورە ئەکەن.

سوره البروج آيه 15

ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ

[ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ (15)] وە خوای گەورە خاوەن عەرشی پیرۆزە، بە (ضهم)ی مەجیدەکە ئەخوێندرێتەوە (ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ) واتە: سیفەتی خوای گەورەیە، وە بە

جەڕیش (ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدِ) سیفەتی عەرشەکەیە، خوای گەورە خۆی پیرۆزە یان عەرشەکەی پیرۆزە، وە هەردوو ماناکە تەواوە، خۆیشی و عەرشەکەی مەجیدو پیرۆزو بەڕێزن.

◈ سوره طه آیه 5

◆ الرَّحْمَٰنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَىٰ

◆ {خوای گەورە لەسەر عەرشی پیرۆزە} [الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى (5)] خوای گەورە بەرزو بڵند بووەوە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی خۆی بەرز بوونەوەیەك كە شایەن و شیاو و گونجاو بێت بە گەورەیی و مەزنی خوای گەورە لە بەرزبوونەوەی هیچ لە دروستكراوەكانی ناچێت، وە چۆنیەتیەكەشی خوای گەورە خۆی نەبێت كەس نایزانێت، پرسیاری (الإستواء) لە ئیمامی (مالیك) كرا فەرمووی: (الإستواء غير مجهول، والكيف غير معقول، والإيمان به واجب، والسؤال عنه بدعة) واته: ئیستوا زانراوە، چونكە لەقورئاندا باسكراوە، وە چۆنێتیەكەی نەزانراوە، چونكە باس نەكراوە، وە ئیمان هێنان پێی واجبە، چونكە ئایەتی قورئانی پیرۆزە، وە پرسیار كردن لە چۆنێتی بەرز بوونەوەی خوای گەورە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی بیدعەیە، چونكە هاوەڵان ئەو پرسیارەیان لە پێغەمبەری خوا ـ صلى الله عليه وسلم ـ نەكردووە، وە چواندنی بە بەرزبوونەوەی دروستكراوەكان كوفرە، چونكە تەشبیهـ كردنی خوای گەورەی خالقە بە مەخلوقی دروستكراوی لاواز، وە گۆڕینی ماناكەی حەرامە، چونكە مەبەست پێی نیەو هەڵەیە، وەكو گۆڕینی بۆ (استولى) كە بە مانای زاڵ

بوون و دەستبەسەراگرتن دێت هەڵەیە چونکە بە گوێرەی
ئەم تەئویلە فاسیدە دەبێت پێش خوای گەورە کەسێکی تر
دەستی بەسەر عەرشدا گرتبێت کە مرۆڤی ژێر قسەی
واناکات، (ابن القیم) دەفەرمێت: ئەم لامەی کە زیادی
دەکەن (استوی) دەکەن بە (استولی) چەند لەو (نونە)
دەچێت کە بەنو ئیسرائیل زیادیان کرد کە خوای گەورە
فەرمووی: بڵێن: (حطة) ئەوان وتیان: (حنطة) وە خوای
گەورە غەزەبی لێگرتن، ئەو کەسانەیشی کە سیفاتی خوای
گەورە تەئویل دەکەن و ماناکەی دەگۆڕن با لە خوای گەورە
بترسن نەك وەك بەنو ئیسرائیل خوای گەورە غەزەبیان لێ
بگرێت.

( عەرش )لە زمانی عەرەبی واتە سەریر یان قەرەوێڵە ..
واتە شوێنی مەلیکێک کەلەسەری دادەنیشێت بەڵام
عەرشی خودا جیاوازەو ناتوانین بیشوبهێنین بە شتی
دونیایی..
گێرایەوە لە( صَحِيحِ الْبُخَارِيِّ) لە( رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ
وَسَلَّمَ) فەرمووی: «إِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ الْجَنَّةَ فَاسْأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ ;
فَإِنَّهُ أَعْلَى الْجَنَّةِ وَأَوْسَطُ الْجَنَّةِ، وَفَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ»
واتە((گەر داواتان کرد لە خوای گەورە ،داوای فیردەوس
بکەن ،کە ناوەڕاێتی بەهەشتە و سەقفەکەی عەرشە))
( ابن عباس) دەفەرمووێت: بەس تەنها خوای پەروەردگار
نەبێ کەس نازانێ گەورەیی عەرش چەندەیە ..
وە لەوەسفی عەرش لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری
ئازیز(ﷺ) هاتوە :

(ئەو مەلائیکەتانەی کە شانیان داوەتە ژێر عەرشی خوای
پەروەردگار لە نەرمایی گوێچکەیان تا دەگاتە سەر شانیان

مەسافەی( 700)ساڵە ،
و لە فەرموودەیەی تر ( ابي حاتم )ڕیوایەتی دەکات دەڵێ :بە تەیرێکی خێرا بە (700) ساڵ مەسافەکە دەبڕێت.
ئەوانەش بەڵگەی گەورەیی عەرشە..

وە لە کتێبی (البدایە والنهایە) ابن کثیر هاتوە:
وذكر الحافظ ابن الحافظ محمد بن عثمان بن أبي شيبة في كتاب صفة العرش عن بعض السلف: أن العرش مخلوق من ياقوتة حمراء، بعد ما بين قطريه مسيرة خمسين ألف سنة.
وذكرنا عند قوله تعالى: {تعرج الملائكة والروح إليه في يوم كان مقداره خمسين ألف سنة}

لە وەسفی عەرش لەهەندێ لە سەلەف هێناویەتی :عەرش مەخلوقێکی خودایە دروستکراوە لە یاقوتی حمراء و لەمسەر بۆ ئەوسەری عەرش مەسافەی (٥٠,٠٠٠)ساڵە.

خوای گەورە عەرشی لەسەر ئاو داناوە..کەواتە ئاویشی دروست کردووە و لەژێر عەرش دایە

..بەپێی ئەم فەرموودانە پشت ڕاست کراونەتەوە/

عَبْدِ اللَّهِ يَعْنِي ابْنَ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: بَيْنَ السَّمَاءِ الدُّنْيَا وَالَّتِي تَلِيهَا خَمْسِمِائَةِ عَامٍ، وَبَيْنَ كُلِّ سَمَاءٍ خَمْسِمِائَةِ عَامٍ، وَبَيْنَ السَّمَاءِ السَّابِعَةِ وَبَيْنَ الْكُرْسِيِّ خَمْسِمِائَةُ عَامٍ، وَبَيْنَ الْكُرْسِيِّ وَبَيْنَ الْمَاءِ خَمْسِمِائَةِ عَامٍ، وَالْكُرْسِيُّ فَوْقَ الْمَاءِ، وَاللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فَوْقَ الْكُرْسِيِّ، وَيَعْلَمُ مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ - أَظُنُّهُ أَرَادَ - وَبَيْنَ السَّمَاءِ السَّابِعَةِ وَبَيْنَ الْمَاءِ خَمْسِمِائَةِ عَامٍ، وَاللَّهُ أَعْلَمُ " .

واتە:(ابن مسعود )ئەیگێڕێتە وە لەپیغە مبەر(ﷺ)
کە ئەفەرمووێت .[بین الکرسی والماء مسیره خمسین مئە عام والعرش فوق ذالک ]واتە نێوان کورسی و ئاوەکە (٥٠٠)ساڵە عە رشیش لە سەروی ئاوەکەیە..

وەعباسی مامی پیغە مبە ر (ﷺ)ئە یگڕیتە وە کە( ابوداود) ڕیوایە تی کردووە
ئە فە رموویت :(السابحە والعرش بحر بین أسفلە واعلاە کما بین سماء والارض )
واتە: لە نێوان حەوت تەبەقەی ئاسمان و عەرش بەحرێک هەیە کە مەسافەی بەحرەکە لە بنە وە بۆ سە رە وە بە قە دەر ئاسمان و زەویە ،پیغە مبە ر (ﷺ )دە فە رمووێ:
(قوڵی بەحرەکە (٥٠٠) ساڵە بە ڵام پانی بەحرەکە تەنها خوا دە زانێ چەندە...)

## (القلم)

*لێرەدا هەندێ تێبینی هەن دەبێ ڕوونی بکەینەوە ،خیلاف هەیە کە ئاخۆ قەڵەم پێش عەرش و ئاو دروست کراوە یان بە پێچەوانەوە ؟؟

- جمهوری فوقەهاء هاوڕان لەسەر ئەوەی کە عەرش و بەحر پێش قەڵەم دروست کراون و قەڵەم دواتر دروستکراوە.

-بەڵام لە شەرحی عقیدە الطحاویە وا هاتوە کە قەڵەم پێش عەرش و ئاو دروستکراوە ..

*بەپێی ئەم حەدیسانە دەردەکەوێ جیاوازیەکە لەچیدایە//

کۆی زانایان لەسەر ئەم فەرموودەی کە امامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە و عمری کوڕی عاض گێڕاویەتیەوە لە پێغەمبەر(ص):

]عن عبد الله بن عمرو بن العاص قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: " كتب الله مقادير الخلائق قبل أن يخلق السماوات والأرض بخمسين ألف سنة . قال: وعرشه على الماء" .

رواه مسلم (2653) (16)، والترمذي (2157).

واتە :گوێم لێبوو پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی خوای گەورە تەقدیری هەموو مەخلوقاتی کرد لە لوح محفوظ بە٥٠,٠٠٠ساڵ پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات،وە عەرشی خودا لەسەر ئاو بوو)

بەو پێیە عەرش و ئاو هەبووە پێش قەڵەم..

-بەڵام بەپێی شەرحی عەقیدە طحاویە دەڵێ مەرج نیە دروسبوونی قەڵەم و نوسینی قەڵەم لەیەک کاتدا بووبێ.
بەپێی ئەم فەرموودەیە:
بقول رسول الله -صلى الله عليه وسلم-: (أولُ ما خلق اللهُ القلَمَ فقال: اكتُبْ، قال: وما أكتُبُ يا ربِّ؟ قال اكتُبْ القدَرَ، قال: فجرى القَلَمُ في تلْكَ الساعَةِ بِما كانَ و بما هو كائِنٌ إلى الأبَدِ)

-واتە :(یەکەم دروستکراوی خوا قەڵەم بووە ،و خوا تەقدیری هەموو مەخلوقاتی پێی کرد لە یەک سەعات دا لەسەرەتا تا قیامەت و کۆتایی)بەڵام بەپێی عەقیدە.. طحاویە مەسافە هەبوو لەنێوان دروستکردن و نوسین پێی بەڵام لای زانایان دەڵێن یەکام مەخلوق لە دنیای ئێمە نەک.. لە ئاسمانەکان واتە لە دنیای ئێمە یەکەم شت قەڵەم بووە..واللهاعلم
-قەڵەم لە نور درووستکراوە بەپێی فەرموودە.
*دوای قەڵەم لوح محفوظ دێت چونکە قەڵەم لەسەر لوح محفوظ نوسیویەتی..

## (لوح محفوظ)

دەتوانین بڵێین وەک دەفتەرێک وایە بەپێی گێرانەوەی ابن عباس پانایی بەقەد ئاسمانەکان و زەویە .
لەچی دروست کراوە؟؟و لەکوێدایە؟

-جاء في كتاب فتح الباري "ان اللوح المحفوظ هو فوق العرش"
-واتە: لە ژێر عەرش دایە.

-كما ذكر القرطبي عن ابن عباس أن: "اللوح من ياقوتة حمراء، أعلاه معقود بالعرش، وأسفله في حِجْر ملك يقال له ماطريون... ينظر الله عز وجل فيه كل يوم ثلاثمائة وستين نظرة"

- وعن أنس أنه قال: "إن اللوح المحفوظ هو في جبهة إسرافيل"؛ وعن مقاتل أن: "اللوح المحفوظ عن يمين العرش"

- وذكر الأصبهاني عن سعيد بن جبير أنه قال أن "اللوح من ياقوتة وانا اقول كان من زمرد، كتابتها من الذهب، وكَتَبَها الرحمن عز وجل بيده، وسمع أهل السماوات صرير القلم"

- وذكر السيوطي عن ابن عباس أن: "خلق الله اللوح المحفوظ لمسيرة مائة عامٍ".

- أما ابن كثير فذكر عن ابن عباس أن "اللوح المحفوظ طوله ما بين السماء والأرض وعرضه ما بين المشرق والمغرب وهو من درة بيضاء"
واتە :دروستکراوە لە گەوهەری سپی و بەرگەکەشی

**یاقوتەی سورە ...**
**شوێنەکەی ڕەئێکی لەسەرە لای عەرشی خوای پەروەردگارە لای ڕاست..،یان لای (ئیسرافیل)ە.**
**و تەقدیری هەموو مەخلوقاتی تێدا کراوە.**

## (الكرسي)

**کورسی لەگەڵ عەرش دا جیاوازە ..چونکە خوای گەورە لەسوڕەتی البقرە دەفەرمووێ:(.وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ)**
**واتە: کورسی خوای پەروەردگار ئەوەندە گەورەیە لە گەورەیی دەوری ئاسمانەکان و زەوی داوە..**
**وات لە هەر حەوت تەبەقی ئاسمان و حەوت تەبەقی زەوی گەورەترە.**
**کورسی لە عەرش بچوکترە ،بەڵام لە ئاسمانەکان و زەوی گەورەترە.**
**و لە سەرووی ئاسمانەکانە کەهەندێ لە زاناکان دەڵێن تەبەقی هەشتەمی ئاسمانەکانە..**

**أبو ذر دەگێڕێتەوە ،گوێم لە پێغەمبەری خودابوو (ﷺ)فەرمووی:**
**وقال أبو ذر سمعت رسول الله ﷺ يقول:**

**" ما الكرسى فى العرش إلا كحلقة من حديد ألقيت بين ظهرى فلاة من الأرض ".**

**واتە: کورسی لەچاو عەرشی پەروەردگار وەک عەڵقەیەک وایە فڕێی بدەیە سەحرایەک،واتە ئەونە بچوکە.**

**على ابن عباس (الكرسي موضع القدمين) ،**
**ئەمەش سەحیحە و کۆی ڕای زانایانی لەسەرە :کورسی تەنها جێی هەردوو پێی خوای پەروەردگارە.**

***(شێوەی دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی)***

***ئایا ئاسمانەکان و زەوی بەچەندڕۆژ دروست بوون؟***

***خوای گەورە لە قورئان دەفەرموێ :*(وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ (38) ق)**

***واتە:ئاسمانەکان و زەویمان دروست کرد و چیش لە نێوانیانە تەنها بە (٦)ڕۆژ.***
***خوای پەروەردگار بە ئەمر بە ئاسمانەکان و زەوی ووت دروست بن و دروست بوون..***

***وە ئاسمانەکان (٧)تەبەقن و زەویش(٧)تەبەقە..***
***خوای گەورە دەفەرمووێ :***
**اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ الْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا (12)**

**سەبارەت بەو مجرانەی(کۆمەڵە ئەستێرانەی) لە نێوان ئاسمانەکان و زەویە**
**عبدالمجید زندانی لە باسی أعجازی کەون دەڵێ (٢٠٠ ملیۆن ) مجرە بەس لە ئاسمانی دنیا هەیە،کەبەچاوی**

خۆمان دەیبینین ئاسمانی دنیا..
زاناکانیش دەڵێن هەر کۆمەڵە ئەستێرە بتەوێ بیبژێریت کاتێک بە یەک دەقە (١٠٠ئەستێرە) بژمێری ئەوا ئەبێ (٢سالّ) خەریک بی و بیژمێری تا یەک کۆمەڵ ببژێری ...و دوسەدملیۆن کۆمەڵەی وەها هەیە بەس لە ئاسمانی دونیا...

دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویش بەم جۆرەبووە//
(وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ (10)ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ اِئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ(11)فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاء أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ(12)فصيلت..

واتە:(خوای گەورە زەوی و ئەوەی تێیدایە دروستی کرد بە (٤)ڕۆژ،بە (٢)ڕۆژیش ئاسمانەکانی دروست کرد..
خوای گەورە دەفەرمووێ ئاسمانەکان وەک دخان بوون وەک هەور یان تەمێک ..
وە ئەوماددانەی کە لەزەویشن لەو تەم و هەورەیا بوونوە لە ئایەتێکی تریش دەفەرمووێ :(ئاسمانەکان و زەوی یەک پارچە بوون ئێمە لێکمان کردنەوە و دروستمان کردن )
وەزانایانی گەردووناسیش دەڵێن :ئاسمانەکان و زەوی لە ئەنجامی تەقینەوەی خاڵێک دروست بوون و لە کۆتایش دەپێچرێنەوە بۆ هەمان خاڵ و کۆتاییان دێ..
عبدالمجيد زنداني دەڵێ:لە ئوستوراليا لەگەڵ یەکێک لە عالمەکان دانیشتبووم ،زاناکە وتی ئێمە عیلمێکمان

دۆزیوەتەوە ئایا لەقورئانەکەی ئێوە هەیە؟
منیش ووتم: چیە؟؟
ووتی:کە دەڵێ ئاسمانەکان و زەوی لەخاڵێکەوە دروستبووە و بەپێی کات فراوان دەبێ و لە دواڕۆژیش کۆدەبێتەوە بۆ هەمان خاڵ و کۆتایی دێت..
تم :بەڵێ خوای پەروەردگار لەقورئاندا دەفەرمووێ(يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ ۚ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُ ۚ وَعْدًا عَلَيْنَا ۚ إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ (104)الانبياء)

واتە:ڕۆژێک ئاسمانەکان و زەوی دەپێچرێتەوە وەک پەڕەیەکی کتێب هەروەک چۆن یەکەمجار لێی دروست بوو..

لە فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ)کە ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە:ابی هوریرە گێڕایەوە(اخذ رسول الله بیدیه ففقال خلق الله الطربه في السبت و خلق الجبال في الاحد ،و...

واتە:خوای گەورە ڕۆژی شەممە خۆڵی دروستکرد ،وە ڕۆژی یەکشەممە شاخەکان و ڕۆژی دووشەممە دارەکان وە ڕۆژی سێشەممە شتە مەکروهەکان،و
ڕۆژی چوارشەممە نور و پێنج شەممە دەواب و حەشەرات ...وە لە ڕۆژی جومعە دوای عەسر دواسەعاتەکانی ڕۆژی جومعە ئادەمی دروست کرد (علیە السلام).

## (دروستبوونی مەلائیکەت و جن )

پێغەمبەر (ص) دەفەرمووێ(خُلِقَتِ الملائكةُ من نُّورٍ ، و خلق الجانَّ من مارِجٍ من نارٍ ، و خلق آدمَ مِما وُصِفَ لكمْ)

الراوي : عائشة أم المؤمنين | المحدث : الألباني | المصدر : صحيح الجامع

[خُلِقَتِ المَلائِكَةُ مِن نُورٍ، وخُلِقَ الجانُّ مِن مارِجٍ مِن نارٍ، وخُلِقَ آدَمُ ممَّا وُصِفَ لَكُمْ.]
الراوي : عائشة أم المؤمنين | المحدث : مسلم | المصدر : صحيح مسلم
الصفحة أو الرقم: 2996 | خلاصة حكم المحدث : [صحيح]

عائیشە خوالێی ڕازیبێت گێراویەتیەوە و سەحیحە.
واتە:(مەلائیکەت لە نور دروست کراون ،وە جن لە ئاگر دروستکراوە و ئادەمیش بەو شێوەیە
دروستکراوە کەبۆتان باسکراوە لە قورئاندا)

- مەلائیکەت نە نێریان هەیە نە مێ ،و نە زاوزێ دەکەن ،هەموو کات خەریکی عیبادەتن وە لە دوو باڵەوە هەیانە تا عەدەدی زۆرتر ..

الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۚ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (1)فاطر
واتە :(سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کرد و مەلائیکەتی کرد بەنێردراوی خۆی لەسەر زەوی کە باڵیان هەیە لە دوو و سێ و چوار و

زیاتریش،....)
خواردن و خەویان نیە هەموو کات خەریکی عیبادەتن ..
جۆریان زۆرە :
[ ] هەیانە لەسەر شانی مرۆڤن و کردەوەکانیان دەنوسن .
[ ] هەیە دەسوڕێتەوە لە ناوگەردوون و لەکوێ مەجلیسی زیکر هەبوو دەچن .
[ ] هەیانە تایەفەیەکی دراوەتە دەست وەک مەلائیکەتی ڕوحکێشان کە چەندین ملیۆن مەلائیکەتی تری لەگەڵدایە..
[ ] وەک میکائیل کە مقربینە و ڕزق و ڕۆزی دابەش دەکات..
[ ] ئیسڕافیل کە بوقی دراوەتێ و لە کۆتایی دونیادا و ڕۆژی قیامەت فوی پێدا دەکات..
فریشتەکان ژمارەیان زۆر زۆرن و بەس خودا دەزانێ چەندن و بەردەوام زیکری خوا دەکەن..
وەک امام أحمد دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ):(لە ئەرز تا ئاسمان چوار پەنجە شوێن نەماوە ئیلا مەلائیکەت تێیدا لە سجود و ڕکوعە و نیوەی خەریک عیبادەت کردنە ..
و لە فەرموودەیەکی دیکە پێغەمبەر (ﷺ)بۆمان باس دەکات بیت معمورێک هەیە لە ئاسمانی دونیا کە ڕۆژی (٧٠,٠٠٠) مەلائیکەت دەچێ و عیبادەتی تیا دەکا و نایەتە دەرەوە..ئەونە ئەو بیت معمورە گەورەیە و ژمارەی مەلائیکەتیش ئەوەندە زۆرن...

## (الجن)

**(وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ السَّمُومِ (27)الحجر)**
**واته:خوای گەورە جنی دروستکردە لە پڕیشکی ئاگر واتە پڕشک نەک خودی ئاگرەکە..**

**جان سەرەتای دروستبونی هەموو جنەکانە وەک چۆن مرۆڤەکان ەمووی لە ئادەمن جانیش سەرەتای دروسبوونی جنەکانە ..**
**جنەکان پێشتر خودا دروستی کردن و لەسەر  زەوی هەبوون ..بەڵام کێشەو ناکۆکی و کوشتن و کوشتار ڕوویدا لەنێوانیان و خوا دەری کردن بۆ قەراغی بەحرەکان..**

## *(ئیبلیس)*

**ئیبلیس ناوی ڕاستەقینەی (عەزازیل)ە.**
**قال ابن عباس: وكان اسمه عزازيل.**
**بەپێی زۆرینەی ڕیوایەتەکان ،کاتێ خوای گەورە جنی دروستکرد عەزازیلی کردە سەرپەرشتیاری ئاسمانەکان و زەوی ،ئەویش لەبەرئەوەی شەریفترین جن بووە و لەبەڕێزترین قەبیلەی جن بووە و زۆر زانا و زیرەک بووە هەروەها زۆر خەریکی خواپەرستی بووە ..**
**سەعدی کوڕی زوبێر دەگێڕێتەوە: چوار باڵیشی هەبووە وەک مەلائیکەت ..**
**بۆیەش خوای گەورە بەرزی کردۆتەوە بۆ ئاسمان و ڕێزی لێی گرتوە وەک مەلائیکەت ..**
**قال ابن عباس: وكان من حي من الملائكة، يقال لهم الجن، وكانوا خزان الجنان، وكان من أشرفهم، وأكثرهم علمًا وعبادة، وكان من أولى الأجنحة الأربعة، فمسخه الله شيطانًا رجيمًا.**
**هەروەها،**
**روى الطبري في تفسيره (2321/) عن ابن عباس رضي الله عنه قال :**
**( أول من سكن الأرض الجن ، فأفسدوا فيها ، وسفكوا فيها الدماء ، وقتل بعضهم بعضا )**
**کاتێ ئەو خوێن ڕشتن و کوشتارە ڕویدا لەناو جنەکان لەزەوی ،**
**(عبداللهی کوڕی مسعود دەڵێت :پێش ئادەم بە (٢٠٠٠ ساڵ پێش ئادەم ) جنەکان لەسەر زەوی بوون)**

***خوای گەورەش کۆمەڵێ مەلائیکەتی بۆیان نارد تا ئەو کوشتارە ڕاگرن و دەریان کردن بۆ قەراغ بەحرەکان .یەکێک لەو مەلائیکەتانەش عەزازیل بوو ..
چونکە خوا ڕێزی مەلائیکەتی لێ نابوو ..***

***کە دواتر خودا ناوی نا ئیبلیس کە واتە مەئیوس و بێ بەش لە ڕەحمی خودا ..***

***جنەکانیش جۆریان زۆرە وەک لە قورئان وەسف کراون/
[ ] هەیانە غەواسن و دەچنە ژێر بەحر .
[ ] هەیانە بناء و وەستا و کرێکارن و بینا دروست ئەکەن.
[ ] هەیانە شێوەی خۆیان دەگۆڕن وەک مرۆڤ یانیش حەیوان.
و چەنەها جۆری دیکەیان هەیە ..***

***بەهیوای سود بۆ هەمووان و لە نزای خێر بێ بەشمان مەکەن ****

## پێڕست//


پێشەکی..................
(خوای پەروەردگار ).......
(عەرش)...........
(القلم )...................
(لوح محفوظ)...........
(الكرسي).............
(دروستبوونی مەلائیکەت و جن )............
(الجن).............
(ئیبلیس).............